پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (دەستی دزێکی) بڕی؛ بەهۆی ئەوەی قەڵغانێکی دزی بوو کە نرخەکەی سێ درهەم بوو

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزایان خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (دەستی دزێکی) بڕی؛ بەهۆی ئەوەی قەڵغانێکی دزی بوو کە نرخەکەی سێ درهەم بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە خوێن وناوبانگ (شەرەف) وسامانی خەڵکی پاراستووە، بە هەموو هۆکارێک کە دەستدرێژکەرەکان بوەستێنێت؛ بۆیە سزای دز (ئەو کەسەی پارە یان شتومەکی شوێنێک دەبات) دەست بڕینەوەیە، بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی وببێتە هەڕەشە بۆ کەسانی تر کە دەیانەوێت ڕێگای پیس وچەپەڵی بگرنە بە بۆ پەیداکردنی سامان، وبۆ ئەوەی خەڵکی ڕێگای شەرعی دروست بگرنە بەر بۆ پەیداکردنی سامان کە نەفسەکان شکۆدار دەکات ئەمیش دەبێتە هۆی زۆربوونی کار وپیشە ودەرهێنانی بەرووبوم وبوژاندنەوەی سەر زەوی. ولە حیکمەت ودانایی خودا ئەوەیە کە ئەو ڕێژەیەی کە ئەگەر لێی تێپەڕ ببێت دەست دز دەپردرێتەوە بریتیە لە سێ درهەم واتا (چارەکە دینارێکی ئاڵتون)، ئەمیش بۆ پاراستنی ماڵ وسامانەکان، وپاراستنی ژیان، وبۆ ئەوەی ئاسایش بڵاو ببێتەوە، ونەفس ودەروونەکان ئارام وهێور بن، وبۆ ئەوەی خەڵکی بڵاو ببنەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان وسامان و وەبەرهێنان. وئەم بڕەش یەکسانە بە یەک گرام ویەک لە سەر شازدەی گرام واتا: 1.06 گرام، چونکە دینارێک دەکاتە 4.25 گرام.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2947